بۆكان له‌ مێژوودا (٩٨)  ئه‌نوه‌ر سوڵتانی

## ڕۆژنامه‌ی كوردستان ، چاپی تاران

له‌ ساڵانی نێوان ١٣٣٨ و ١٣٤٣ (١٩٥٩ و ١٩٦٤) دا ڕۆژنامه‌یه‌ك به‌ ناوی "كوردستان" له‌ تاران ده‌رده‌چوو، كه‌ چاوه‌ دێریی ڕاسته‌وخۆی ڕژیمی شا و ده‌زگای ساواكی به‌ سه‌ره‌وه‌ بوو به‌ڵام به‌شێكی زۆر له‌ كارگێڕانی ڕۆژنامه‌كه‌ خه‌ڵكانی خه‌مخۆر و دڵسۆزی كورد بوون. گه‌لێك نووسراوه‌ و شاعیری كورد و یه‌ك له‌وان مامۆستا هێمن، كاك سواره‌ و كاك فاتیح شێخولئیسلامی بابه‌تیان بۆ ڕۆژنامه‌كه‌ ده‌نارد و زۆر كه‌س – یه‌ك له‌وان من، كوردی نووسین له‌و ڕۆژنامه‌یه‌وه‌ فێر بوون.

له‌ ژماره‌ی جیا جیای "كوردستان" دا بابه‌تی وا هه‌ن كه‌ به‌ شێوه‌یه‌ك له‌ شێوه‌كان بۆكان ده‌گرنه‌وه‌. بۆ نموونه‌ كاك ئیبراهیم ئه‌فخه‌می وتارێكی به‌ ناوی "مه‌لا مارفی كۆكه‌یی بۆكانی" له‌ ژماره‌ ١٨٢ و ١٩٨ دا بڵاو كردۆته‌وه‌. "ئازاد" كه‌ دوور نییه‌ كاك سه‌لاحی موهته‌دی بێت له‌ ژماره‌ ١٩٧، ئیبراهیم ئه‌فخه‌می له‌ ژماره‌ ١٦٤، ١٦٨، ١٧٢، ١٧٧، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢ و ١٨٧ دا، عومه‌ر سوڵتانی (وه‌فا) له‌ ژماره‌ ١٧٤، ١٧٥، ١٧٧، ١٨٠، ١٨١، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٩٣ و ١٩٥ی ڕۆژنامه‌كه‌دا شیعریان بڵاو كردۆته‌وه‌؛ ژماره‌ ١٨٤ و ١٩٥ دوو پارچه‌ شیعری "مه‌لا سه‌عیدی حافیدی" یان تێدایه‌ كه‌ له‌ كرماشانه‌وه‌ بۆی ناردوون . حافیدی له‌ ڕاستیدا مه‌لا سه‌عیدی قزڵجی برازای قازی كاكه‌ حه‌مه‌ی بۆكانه‌؛ ژماره‌ ٢٠٩ شیعرێكی میسباح الدیوانی ئه‌ده‌بی تێدا چاپ كراوه‌.

به‌ داخه‌وه‌ من ده‌ستم به‌ هه‌موو ژماره‌كانی ڕۆژنامه‌كه‌ ڕاناگات و ته‌نیا ١١٢ نوسخه‌یم له‌به‌ر ده‌ست دایه‌ كه‌ هی ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٣ن. به‌ پێداچوونه‌وه‌ی هه‌موو ژماره‌كان گه‌لێك بابه‌تی دیكه‌ له‌مه‌ڕ بۆكان ده‌دۆزرێنه‌وه‌:

ڕۆژنامه‌ی كوردستان، خاوه‌ن ئیمتیاز : عه‌بدولحه‌مید بدیع الزمانی، سه‌رنووسه‌ر: دوكتور محه‌مه‌د سه‌دیق مفتی زاده‌، شوێنی ئیداره‌ : تاران، خیابان چراغ برق، چاپخانه‌ اختر شمال.